# ئەحمەدی نەژاد دەچێتە ...نادی ...!



**جەلال بەرزنجی**
ckfa_Barzanji@hotmail.com

**پیٚ دەچێت جۆرج بۆش کەسییەتیەکی جدی هەبێت وهەندێك شانازی بە زلهێزی ولاٌتەکەی ( سوپەر پاوە ر) بکات بۆ گۆڕینی نەخشەی جیهان و گۆڕنی سیستەمی ئەم ولاٌتانەی حەزیان لیٚ ناکات و بە مەترسیان دادەنیٚ لە پیٚش بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەست دەکەیت وەك ( بیل کلنتن) ی سەرۆکی پیٚشووی ئەمریکا نەبیٚت , ئەو کاتەی کلنتن سەرۆکی ئەمریکا بوو بە تیشیٚرتیٚکەوە لە کۆشکی سپی خەریکی پیزە خوادن و رابواردنی گەر ( مۆنیکا) بوو مۆنیکاش ئەوەندە. ناوبانگی لە دنیا**

**دەرکردبوو لە کوردستانیش ئۆتۆمبیلی بە ناو کرابوو, لەو هەشت ساڵەی سەرۆکاییەتی کلنتن بزتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە دنیادا بە تاییەتی لە ئەفغانستان گەشەی کرد, لابردنی سەدامیش هەر قسەبوو ,.لە بیرمە لە یەکیٚك لە لیٚدوانەکانیدا گووتی: پیٚش ئەوەی کۆشکی سپی جیٚ بیٚلم , دەبیٚ سەدام حسین لە سەر حوکم لابەرم .ئەو کات زۆربەی خەڵکی کوردو ئۆپۆزسیونی عیٚراقی دڵیان بەم قسەییە خۆش بوو, بەلاٌم دوایی ( بیل کلنتن) کۆشکی سپی جیٚ هیٚشت و سەدامی فاشیش هەر لە سەر حوکم مایەوە دواییەش سەرۆکی ئەمریکا (جۆرج بۆش) یش لە یەکیٚك لە وتەکانی گووتی( کۆشکی سپی بە جیٚ ناهیٚلم تا بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئیٚران پەك نەخەم ) ,. لە گەڵ گەڕانەوەی ئایەتوڵا خومەینی بۆ ئیٚران تاکو ئەمڕۆ ناکۆکی نیوان ئیٚران و ئەمریکا قوڵدە بیٚتەوە ,پیٚش ئەوەی کیٚشەی ئەتۆمیشی بیٚتە گۆڕیٚ و ئەمریکا هەستی بە مەترسی گەشەپیٚدانی چەکی ئەتۆمی ئیٚران, بکات ئیٚرانی بەوە تاوانبار دەکرد کەوا پشتگیری بزوتنەوەی تیرۆرستی جیهانی دەکات و یارمەتی (حزب الله) و (حەماس) دەدات , پەیوەندی لە گەڵ سووریە گەرمە . ئیستا ناکۆکیەکەی نیٚوانیان بە هۆی لاساری مەلاکان و پیٚ داگرتنیان لە سەر دروست کردنی چەکی ئەتۆمی و دەست تیٚوەردانیان لە کارو باری ناوەوی عیٚراق خراپ تر بووە .ئیٚران یەکیٚکە لە ولاٌتەکانی ئەمریکا بە (میحوەری شەڕ) ی دادەنیٚ وهەست دەکات مەترسی یە لەسەر بەرژەوەندیەکانی لە دنیادا , بۆیە گەر سەرۆکی ئیٚرانی کە پشگیری تەواو دەکریٚت لە لاییەن (مەرجەعییە) (حەوزە)ی شیعە لە ئیٚرانی لە سەر ئەم سەرسەختییەو لە خۆ بایی بوونەی بەردەوام بیٚت وابزانیٚ ئەمریکا (پڵینگیٚکی لە کاغەزە ) و وا هەست بکات بەو پەنجاو پیٚنج هەزار کەسەی خۆیان بۆ جیهاد ئامادە کردووە شەڕ لە ئەمریکا دەباتەوە و دەچیٚتە (نادی...ئەتۆم) هەرەشەی ناوچەکەو دنیای پیٚ دەکات و جۆرج بۆشیش هەروا جدی بیٚت لە سەر پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاو بەرژەوەندییەکانی و بە جیٚ گەیاندی وەعدەکانی و ئیش کردن بۆ گۆڕینی نەخشەی رۆژهەلاٌتی ناوەڕاست وە هەروەها پیٚ داگرتنی هەردووکیان لە سەر قسەی خۆیان وپیٚ نەچوونی پەشیمان بوونەو یان, ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەکە ببیٚتە مەیدانی شەڕیٚکی سەخت و ئاڵۆز و ویٚران کەرو چەکی تەکتیکی ئەتۆمیشی تیادا بیٚتە بەکار هیٚنان و ئاگر بگریٚت و بە ئاسانی نەکوژیٚنریٚتەوە !**

. .